www.kurdistannet.org
30-10-2006 12:31:49بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# زیندانکردنی ڕەزا عەلی پوور، فەرهاد ئەمین پوور و سامان سلێمانی ریسوا بکەن

لەو کاتەی کە ئێران لە بەرانبەر ئەو قەیرانە گەورانەی کە لە ئاستی نێودەوڵەتی و ناوەخۆیدا ڕووبەڕوی بۆتەوە، لەبری ئەوەی بە سیاسەتی چەوتی خۆیدا بچێتەوە، بەر بۆتە گیانی گەلی کورد بە گشتی و شاعیر و ڕۆژنامەڤانەکانی. ئاشکرایە ڕژێمی ئێران چونکە توانای گۆڕانی سیاسەتی ناوکیی و دەرەکیی خۆی نییە، بۆیە وەک ڕژێمێکی هێستریی و سەرلێشێواو هەتا دێ ڕەفتاریی لەگەڵ خەڵکی کورد و نووسەرانی توندڕۆتر دەبێ. هەر بۆیە گرتن و ئەشکەنجەدانی ڕۆژنامەڤان و شاعیرانی کورد بە تۆمەتی پەیوەندییان لەگەڵ دەرەوە و وێناکردنیان وەک دوژمنی ڕژێم و سیاسەتە دژە مرۆڤایەتییەکەی بۆتە شێوازێکی نامرۆڤانەی ئەو ڕژێمە.

لە درێژەی ئەو سیاسەتە نامرۆڤانەی ڕژێمی ئێراندا، ماوەی دوو حەفتە زیاترە سەرنووسەرانی حەفتەنامەی "ڕۆژهەڵات"، ڕەزا عەلی پوور، فەرهاد ئەمین پوور و سامان سلێمانی، بە تۆمەتێکی هەڵبەستراو و دوور لە هەموو بەڵگەیەکی قانوونی، دەست بەسەر و شوێنبزر کردووە.
شایەنی باسە حەوتەنامەی "ڕۆژهەڵات"، یەکێکە لەو ڕۆژنامانەی کە بە خودی مۆڵەتی ئێران بڵاودەکرێتەوە و هەر سێ ڕۆژنامەڤان و شاعر، کە دەستەی نووسەرانی ئەو حەوتەنامەن، لەناو جەماوەری خەڵکی کوردستان و ئێران بە گشتی ناسراون و پایەی کۆمەڵایەتیی و ڕۆشنبیریی خۆیان هەیە. بۆیە ئێمە لەوە دڵنیاین کە ئەو نووسەرانە دوورن لەو تۆمەتە وەهمییانەی کە ڕژێمی توندڕۆی ئێران، بۆچەواشەکردنی خەڵک، زیندانی کردوون. ئێمە بە ڕژێمی ئێران دەڵێین کە سیاسەتیان بەرانبەر گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات و نووسەرانی زۆر ئاشکرایە، کە ڕۆژانە بە تۆمەتی هەڵبەستراو ئەشکەنجەیان دەدەن و ژیانیان لێ هەراسان کردوون، هەر بۆیە ئەو ڕژێمە قەیرانگیرە ناتوانێ لە ڕێگای ئەو تەڵەکەبازییە سیاسەتی خۆی دژی کورد و ڕۆناکبیرانی پەردە پۆش بکات. ڕژێمی ئێران لەوەتەی بە هۆی قەیرانی پیتاندنی چەکی ئەتۆمی تووشی فشارێکی نێونەتەوەیی بۆتەوە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ سیاسەتی بەرانبەر گەلی کورد لەو بەشە و نووسەرانی توندتر دەبێت. لێرەوە ڕژێمی ئێران دەبێ بزانێ، کە ئەو سیاسەتە دژە کوردە نەک هەر ناتوانێ قەیرانە کوشندەکانی چارە بکا، بەڵکوو ئەو ڕەفتارانە قەیرانی دەسەڵاتەکەی قووڵتر و رزیوتر دەکەن.

ئێمە وەک ماڵپەڕی دەنگەکان و پەڕتووک و ڕەخنە و دەنگی نووسەرانی کوردی هەندەران، بە توندی گرتنی سەرنووسەرانی حەوتەنامەی "ڕۆژهەڵات"، ڕەزا عەلی پوور، فەرهاد ئەمین پوور و سامان سلێمانی مەحکوم دەکەین، چونکە پێمان وایە ئەو تۆمەتانەی کە ڕژێمی ئێران دەیخاتە پاڵ ئەو نووسەرانە، دوورن لە هەموو ڕاستیی و بەڵگەیەک. ڕژێمی ئێران دەیەوێ لە ڕێگای ئەو چەواشەکاریانەوە ڕەوایەتی زیندانکردنی ئەو نووسەرانە بدا و حەوتەنامەی "ڕۆژهەڵات" دەمکوتبکا. ئێمەی کورد باش دەزانین کە ڕژێمی ئێران چۆن مامەڵە لەگەڵ ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی کوردی دەکا لە ئێران، بۆیە ئەو تۆمەتانە، بێجگە لە بوختان و تۆمەتی هەڵبەستراو هیچی تر نین.

www.kurdistannet.org

30-10-2006 12:31:49بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

هەر بۆیە ئێمە لە کاتێکدا کە ریسوای ئەو سیاسەتە هێسترییایەی رژێمی ئێران دەکەین، داواکارین بە زووترین کات بێ هیچ قەید و شەرتێک دەستەی نووسەرانی "رۆژهەڵات"، فەرهاد ئەمین پوور، رەزا عەلی پوور و سامان سلێمانی ئازاد بکرێن.

لێرەوە ئێمە بە رژێمی ئێران رادەگەیەنین کە پێشێلکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی کورد و گرتن و تۆقاندنی نووسەرانی کورد بە تۆمەتی پەیوەندی لەگەڵ دەرەوەی ئێران و هەر شتێکی دیکە، ناتوانێ گەلی کورد دەمکوت بکا و قەیرانە گەورەکانی داپۆشێ. ئەو سیاسەتەی ئێران، بێجگە لە مانۆڕ و تەڵەکبازیی هیچی تر نییە. ئەو رژێمە باش دەزانێ، کە ئەو مانۆڕانە بۆ رای گشتی و جیهانی و خودی خەڵکی ئێران ئاشکران.
ئازادی بۆ سەرنووسەرانی حەوتەنامەی "رۆژهەڵات".

ئەگەر بەڕێزیشت دەخوازیت پشتگیری لە ئازادکردنی هەر یەک لە فەرهاد ئەمین پوور، رەزا عەلی پوور و سامان سلێمانی بکەیت، تکایە لە رێگەی بەشی پەیوەندی ئەم سێ ماڵپەڕەوە ناوی خۆت رەوانە بکە..

بەیەکێ لەم ئیمەیلانەی خوارەوە دەتوانن پشتیوانی خۆتان دەرببڕن :

dengekan@gmail.com
bahrozhassan@yahoo.co.uk

ماڵپەڕی دەنگەکان
ماڵپەڕی پەرتووک
ماڵپەڕی رەخنە

26.10.2006

لیستی ناوەکان..

1. هەندرێن.. سوێد
2. بەهرۆز حەسەن... دانیمارک
3. گۆران عەبدولا.... کەنەدا
4. شلێر رەشید.. کەنەدا
5. ئەحمەد رەجەب.. سوێد..
6. مستەفا حەسەن گەورە... دانیمارک
7. کامەران ئەحمەد... هۆڵەندا (بەرێوەبەری مەڵپەڕی چاک)
8. ناوەندی چاک http://www.nawandihalabja.com/
9. عەلی مەحمود محەمەد.. هۆڵەندا
10. فەلاحی شێخ رەئووف
11. ستیڤان شەمزینانی.. سەرنوسەری رۆژنامەی نەوەند لە کوردستان
12. ئاسۆ قەشقە
13. سێوێ خدر
14. خالید مەجید فەرەج.. بەلجیکا
15. ژنانی کورد لە تاراوگە.. بەرلین... ئەڵمانیا
16. گۆنا جاف.. ئەڵمانیا
17. نەژادی حاجی برایم.. سلێمانی

18. کامەران کوردی... ئەمریکا
19. قادر نادر قادر.. سوێد
20. بەختیار کەریم.. بەریتانیا
21. ئیدریس ئەحمەدی... سوێد
22. حەمە کاکە ڕەش.. سوێد
23. ئیسماعیل ئیبراهیم ڕەواندزی... هۆڵەندا
24. نیگار نادر.. هەولێر
25. ئاسان هەیاسی.. دانیمارک
26. نیان عومەر.. دانیمارک
27. مەریوان هەڵەبجەیی
28. مەسعود مەناف... بەڕێوەبەری وێبلاگی مانشێت
29. هیوا قادر.. سوێد
30. سەحەر ڕەسایی.. سوێد
31. دلاوەر قەرەداغی.. سوێد
32. ئاسۆ خەتات.. کەنەدا
33. نەوزاد جەمال.. هۆڵەندا
34. بەهزاد حەسەن... دانیمارک
35. شنۆ ئەمینی... دانیمارک
36. هاشم ئەحمەدزادە.. بەریتانیا
37. تیشکی محەمەدپوور.. بەریتانیا
38. عومەر جەلال.. چەمچەماڵ
39. شاخەوان شۆڕش.. دانیمارک
40. موحەمەدی مشیر (هۆشیار)... هەولێر/کوردستان
41. ناسری سینا (بەڕێوەبەری بەشی کوردی ڕادیۆی نێونەتەوەیی سوێد، زایەڵە)
42. ڕزگار عومەر.. کەنەدا
43. عەبدوڵڵا مەحمود.. سوێد
44. جەمال پیرە... هەولێر
45. سۆران مامە حەمە... کەرکوک
46. ڕەسوڵ سەفەریانی... سوێد
47. جەلال بەرزنجی... کەنەدا
48. ساماڵ عوسمان.. سایتی خۆزگە
49. کەژاڵ ئیسماعیل..شاعیر و نوسەر.. هۆڵەندا
50. د . ئەحمەد میراودەلی – کەنەدا
51. فروغ نیعمەت پور – نۆرویژ
52. س.چ.هێرش – بەڕێوبەری ماڵپەری گزینگ
53. دیلان جەمال قادر – کەنەدا
54. ساهیرە محەمەد ئەمین – کەنەدا
55. ئاسۆ بیارەیی – کەنەدا
56. جەمال غەمبار.. ئوسترالیا

57- کۆڕی کوردانی نیشتەجێ لە فرانسا (akfr)

58- د.کەمال سەید قادر - نەمسا